ئەوەی سیر یان پیاز بخوات؛ ئەوا با لێمان دوور بکەوێتەوە -یان فەرمووی: با دوور بکەوێتەوە لە مزگەوتەکانمان-، وبا لە ماڵەکەی دابنیشێت

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی سیر یان پیاز بخوات؛ ئەوا با لێمان دوور بکەوێتەوە -یان فەرمووی: با دوور بکەوێتەوە لە مزگەوتەکانمان-، وبا لە ماڵەکەی دابنیشێت، ومەنجەڵێک هێنرا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە چەند دەنکە سەوزەیەکی پاقلەمەنی تێدابو، وبۆنی لێوە دەهات، پرسیاری کرد وپێی ووترا کە بجۆرێک بە باقلەمەنیەکانی تێدایە، فەرمووی: «نزیکی بکەنەوە» لە یەکێك لەو هاوەڵانەی کە لەگەڵیدا بوون، کاتێک بینی حەزی نەکرد بیخوات، وفەرمووی: «بخۆ، ئەوەی من گفتوگۆ ومۆناجاتی لەگەڵدا دەکەم؛ تۆ مۆناجاتی لەگەڵدا ناکەیت». ولە گێڕانەوەی -مسلم- هاتووە: لە جابری کوڕی عبداللەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی لە سیر بخوات، -جارێکیان فەرمووی:- هەرکەسێك پیاز یان سیر یان کەوەر بخوات؛ ئەوا با لە مزگەوتەکانمان نزیک نەبێتەوە، چونکە فریشتەکان تووشی ئازار دەبن بە هۆی ئەو شتانەی کە نەوەکانی ئادەم تووشی ئازار دەکەن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە خواردنی سیر یان پیاز لەسەر کەسێك کە دەیەوێت بێت بۆ مزگەوت، بۆئەوەی بەهۆی بۆنەکەیان ئازاری ئەو برایانەی نەدات؛ کە ئامادەی نوێژی بەکۆمەڵ دەبن، ئەم نەهی کردنە تەنزیهی- پێدەووترێت، واتە نەهی کراوە خۆپارێزی بکرێت لە مزگەوت لە کاتی خواردنی ئەم جۆرە سەوزانەدا، ونەهی نەکراوە لە خواردنیان چونکە لە خواردنە حەڵاڵەکانن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەنجەڵێکی بۆ هێنرا کە سەوزەواتی تێدابوو، وبۆنەکەی بەلایەوە خۆش نەبوو وپێی ووترا کە چی تێدایە؛ بۆیە نەیخوارد ونزیکی کردەوە لە یەکێك لە هاوەڵانی بۆئەوەی بیخوات، ئەویش حەزی نەکرد بیخوات وەکو شوێنکەوتنێك بۆی، کاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بینی، فەرمووی: بخۆ، من گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەکان دەکەم لەڕێگەی وەحیەوە. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایگەیاند کە بۆنی ناخۆش فریشتەکان تووشی ئازار دەکات، هەروەکو چۆن بەهۆی بۆنی ناخۆشەوە خەڵکی تووشی ئازار دەبن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4850